## سەرۆکی پێشووی یانەی دهۆک کۆچی دوایی کرد

بەهۆی نەخۆشییەوە سەرۆکی پێشووی یانەی دهۆك د.سەعید محەمەد بریفکانی لە شاری ئەنقەرە کۆچی دوایی کرد، د. سەعید یەکێکە لە وەرزشوانە دێرینەکانی کوردستان و شاری دهۆك و عێراقە، لە چەندین پوستی وەرزشی کاری کردووە لە ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٤، ١٩٩٧-٢٠٠٠ سەرۆکی یانەی دهۆك بوو و لە ساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٤ جێگری سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بوو و یاریزانی پێشووی تۆپی دەستی یانەی فتوە موسڵی بوو.



جێگەی باسە رۆژی چوارشەممە دوای گەیشتنەوەی تەرمەکی بۆ شاری دهۆك بە خاك سپێردرا.
هەریەکە لە دەستەی کارگێری یانەی هەولێر و یەکێتی تۆپی پێی عێراق بروسکەی ماتەمینیان ئارستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبو و یانەی وەرزشی دهۆك کرد.



## سبەی پاڵەوانێتی رۆژئاوای ئاسیا بۆ تۆپی باسکە لە دهۆک دەست پێدەکات

سبەی سێشەممە لە شاری دهۆك پاڵەوانێتی رۆژئاوای ئاسیا بۆ تۆپی باسکە دەست پێ دەکات، پاڵەوانییەتییەکە لەسەر ئاستی کوڕان بۆ پێشکەوتووانە و ماوەی پێنج رۆژ دەخاینێت و هەریەکە لە وڵاتەکانی (عێراق – ئوردن – سوریا – لوبنان – ئێران) بەشداری لەم پاڵەوانێتییەدا دەکەن.
ئەم پاڵەوانێتییە بەسەرپەرشتی یەکێتی تۆپی باسکەی عێراق و بەهاوکاری یەکێتی تۆپی باسکەی کوردستان بەڕێوە دەچێت و زۆربەی خەرجییەکان دەکەوێتە سەر ئەستۆی یەکێتی تۆپی باسکەی عێراق و پارێزگای دهۆك بەڵێنی داوە لە لایەن مادیەوە یارمەتی یەکێتی تۆپی باسکەی عێراق بدات.
بۆ ئەم مەبەستە چەندین لیژنەی تایبەت لە لیژنەی باڵا و لیژنەی راگەیاندن و لیژنەی ئەمنی و لیژنەی دارایی و لیژنەی میوانداریکردن و هتد. بۆ بەڕێوەبەردنی پاڵەوانێتییەکە دانراوە.
جێگەی باسە شاری دهۆك بۆ دووەمین جار میوانداری ئەم جۆرە پاڵەوانێتییە دەکات.



## لە هەولێر پاڵەوانێتی شەترەنجی یاریـــ

لە درێژەی کار و چالاکییەکانی رێکخراوی پزیشکی گیا دەرمانی کوردستان و یانەی وەرزشی شەترەنجی خانزاد بە هاوکاری رێکخراوی ناوبراو پاڵەوانێتیەکی شەترەنجی بۆ زیاتر ٢٠ یاریزانی کوڕ و کچ ئەنجامدا بۆ ماوەی سی رۆژ، کە بۆ هەردوو ئاستی نەوجەوانان و لاوان بوو، مەبەست لەم پاڵەوانێتییە زانینی کاریگەری دەرمانە گیاییەکانە لەسەر ئاستی بەرزکردنەوەی توانستی بیرکردنەوەی یاریزانان لە یاری شەترنج بۆ ئاستی یاریزانان لە تەمەنی ١٢

## یانەی دهۆک بووە پاڵەوانی کیـــ

یەکێتی ناوەندی کیك بۆکسینگی عێراق بە هاوکاری لقی سلێمانی یەکێتییەکە بە بەشداری یانەکانی (دهۆك، ئامێدی،شەقڵاوە، سۆلاف، سەرچنار، سەعەد، سەڵاحەددین، ئیسحاقییە، نەورۆز، ئاشتی، پێنجوین، بتوێن، برایەتی) ملمڵانیان دەکرد لەسەر ١٢ کێشی جیاواز، کە پێکهاتبوو لە کێشەکانی ٥١ تا +٩١ کگم



# لوئەی سەلاح و مەهدی کەریم
# لە پێشەنگی گۆڵکارانی خولی عێراق دێن



دوای تەواوبوونی یارییەکانی هەفتەی ١١ی قۆناغی دووەمی خولی بژاردەی عێراق بۆ تۆپی پێی لە هەردوو کۆمەڵە، ئەستێرەی یانەی هەولێر لوئەی سەلاح لە پێشەنگی گۆڵکارانی خولی بژاردەی عێراق دێت، بە تۆمارکردنی ١٤ گۆڵ و یاریزانی یانەی هەولێر مەهدی کەریم لە پلەی دووەم دێت بە تۆمارکردنی ١٢ گۆڵ و هەردوو یاریزان حەمادی ئەحمەد و حوسام ئیبراهیم لە پلەکانی سێیەم و چوارەم دێن، ئەمەی خوارەوە ریزبەندی گۆڵکارانی خولی بژاردەی عێراقە بۆ تۆپی پێی.

١- لوئەی سەلاح یانەی هەولێر ١٤ گۆڵ، ٢- مەهدی کەریم یانەی هەولێر ١٢ گۆڵ، ٣- حەمادی ئەحمەد یانەی قوە جەوییە ١١ گۆڵ، ٤- حوسام ئیبراهیم یانەی مینا ١١گۆڵ، ٥- عەلی جەواد نەفت جنوب ١١ گۆڵ.



## ـزانانی نەوجەوانان و لاوان بەڕێوەچوو

ساڵ بەرەو خوارەوە و لە تەمەنی ١٢ ساڵ بەرەو سەرەوە. ئەنجامی کۆتایی یاریزانانیش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

ئاستی ١٢ساڵ بۆخوارەوە

١- داریان ئەرپاك ٤،٥خاڵ، ٢- ڕاسان خەبات ٤,٥خاڵ،٣- مەند نیهاد ٣،٥خاڵ.

ئاستی تەمەن ١٢ساڵ بەرەو سەرەوە

١- یاد بەیاد ٤،٥خاڵ،٢- مەزن بەیاد ٤،٥خاڵ، ٣- ئەحمەد قاسم ٣خاڵ.

## ـك بۆکسینگی باکوور و کوردستان

دوای ململانێکی بەهێز تیپی دهۆك نازناوی خولەکەی بەدەستهێنا.

ئەنجامی کۆتایی تیپەکان بەمشێوەیە بوو.

١-یانەی دهۆك ١٨خاڵ، ٢-یانەی سەلاحەدین ٩خاڵ، ٣-یانەی ئاشتی ٨خاڵ

ئەنجامی یاریزانان

کێشی ٥١ کگم: شڤان سلێمان یانەی دهۆك

کێشی ٦١ کگم: ئەحمەد محەمەد یانەی دهۆك

کێشی ٦٣ کگم: کۆڤان حوسێن یانەی دهۆك

کێشی ٧١ کگم: زێرەڤان سالح یانەی دهۆك

کێشی ٨١ کگم: ئەحمەد رەشید یانەی دهۆك

کێشی ٨٥کگم: دلشاد ئەمین یانەی دهۆك

کێشی ٩١کگم :عەبدولرەزاق یانەی دهۆك

کێشی +٩١کگم: لوئەی مەحمەد یانەی دهۆك.



# بۆ یەکەمجار لە مێژوودا...
# دالاس پاڵەوانی باسکەی ئەمریکایە



بۆ یەکەمجار یانـــەی دالاس ماڤرێکس نازناوی خولی یانە پیشـــەگەرەکانی ئەمریکای لە یاری تۆپی باســـکە ناســـراوبە (NBA) لە مێژوویدا بەدەست هیناK دوای ئەوەی لە زنجیرە یارییەکانی قۆناغی کۆتاییدا بە ئەنجامی (٤-٢) لە یانەی مەیامی هیتی بردەوە، لە یاری شەشـــەمی نێوان هەردوو یانە کـــە لەیاریگای مەیامی بەڕێوەچوو یانـــەی دالاس بـــە ئەنجامـــی (١٠٥-٩٥)خاڵ ســـەرکەوتنی بەدەســـت هێنا، بەم ســـەرکەوتنە یانەی دالاس چوارەم ســـەرکەوتنی تۆمار کرد و نازناوەکەی مسۆگەر کرد و پێویستی ئەنجامدانی یاری حەوتەم نییـــە، یاریزانانی یانەی دالاس بە رابەرایەتـــی یاریزانی ئەڵمانـــی دیرك نۆڤۆزکی ئاســـتێکی بەرزیان پێشـــکەش کرد و بەدرێژایی کاتی یارییەکە لە پێشـــەوە بـــوون تا لە کۆتاییدا یارییەکەیـــان بە جیاوازی ١٠ خـــاڵ بردەوە و بۆ یەکەمجار لە مێژوویاندا جامی خولی باســـکەی ئەمریکایان بەرز کردەوە.

یاریزانی ئەڵمانی دیرك نۆڤۆزکی لە یانەی دالاس نازناوی باشـــترین یاریزانی قۆناغی کۆتایی بە دەســـت هێنا، لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ شـــاری دالاس یاریزانـــان پێشـــوزای گەرمیـــان لێکرا و ئاهەنگەکانیـــش بۆ ماوەی چەند رۆژێك بەردەوام دەبێت، واش چـــاوەڕوان دەکرێت ســـەرۆك باراك ئۆباما لە کۆشـــکی سپی بە فەرمی پێشوازی لە شاندی یانەی دالاس ماڤرێکس بکات.

شایانی باســـە خولی (NBA) بەهێزترین خولی باسکەی جیهانە و یارییەکانی بە شێوازی خول لە قۆناغی یەکەم ئەنجامدەدەرێت کەتیایدا یانەکان بە سەر هەردوو گروپی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دابەش کراون دواتر قۆناغی پلای ئۆف دەستپێدەکات تا لە کۆتاییدا هەردوو پاڵەوانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە قۆناغی کۆتایی لە حەوت یاری رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و کام یانە چوار ســـەرکەوتن تۆماربکات دەبێتە پاڵەوانی خولی باسکەی ئەمەریکا.







## فیلیپی میلۆ :
## یۆڤانتس ڕێزم لێناگرێت

یاریزانی بەرازیلی فیلیپی میلۆ یاریزانی یانەی یۆڤانتسی ئیتالی ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی دەستەی کارگێڕی یانەکەی کردو ڕایگەیاند کە ئەوان وەك یاریزانێکی ئەستێرە، مامەڵەی لەگەڵ ناکەن و ڕێزی لێناگرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا میلۆ دووپاتیکردەوە کە حەز دەکات لە یانەی خانمە پیرەکە بەردەوام بێت لە وەرزی داهاتوودا، میلۆ زۆر جار ناوی لە بۆندەکانی یانەی یۆڤانتس دێت بە تایبەتی بە شێوازی گۆڕینەوە لە گەڵ یاریزانی یانەی ریال مەدرید، ئەوەش بە بۆچونی میلۆ ریزنەگرتنە لە لایەن دەستەی کارگێڕی یانەکەیەوە، لەمبارەیەوە میلۆ لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی تۆتۆ میرکاتۆ گوتی: من واهەست دەکەم یۆڤانتس ڕێزم لێناگرێت، ناوی خۆم لە بۆندەکانی یانەکەم دەخوێنمەوە، کەسیش لە دەستەی کارگێڕی ئەم هەواڵانە ڕەت ناکاتەوە، من کلیلی هیچ بۆندێکی داهاتووی یانەی یۆڤانتس نابم.

هەروەها میلۆ گوتی: من خۆم بە یاریزانیکی گرنگی یانەی یۆڤنتس دەزانم، وابزانم ئەوان لە بیریان چووە چۆن لەو یارییانەی کە بەشدار نەبووم بە زەحمەت سەرکەوتنیان تۆمار دەکرد.

بەڵام لەگەڵ ئەوشدا میلۆ دەڵێت : دەمەوێ لێرە بمێنمەوە چونکە یۆڤانتسم خۆش دەوێت و خیزانەکەم لە شاری تۆرینۆ خۆشحاڵە، دەمەوێ بەم درێسە خولی ئیتالیا بەدەست بهێنم و بگەڕێمەوە ریزی هەڵبژاردەی بەرازیل، بەڵام ئەگەر دەستەی کارگێڕی دەست بەردارم بوون ئەوە هەست بە پەشیمانی ناکەم.



## ریۆ فردیناند:
## چیچاریتۆ دەچێتە مێژووی یانەی مان یونایتد

ریۆ فردیناند یاریزانی هێلی بەرگری یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی پێشبینی ئەوەی کرد کە یاریزانی مەکسیکی خافێر هێرناندیز بچێتە مێژووی یانەی شەیتانە سوورەکان، دوای ئەو ئاستە بەرزەی کە یاریزانی ناسراو بە چیچاریتۆ لە یەکەم وەرزیدا لە یاریگای ئۆڵد ترافۆڵد پێشکەشی کرد، فردیناند لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی میرەر گوتی: چیچاریتۆ گۆڵکەرێکی بە توانایە، ئەو نمونەی یاریزانی لاوی لێهاتووە لە ناو یانەکەمان، هەر یاریزانێك ناتوانێت بگاتە ئاستی ئەو یاریزانە لە یەکەم وەرزیدا لە گەڵ یانەی مانچستەر یونایتد لە خولێکی بەهێزدا وەك خولی ئینگلتەرا، ئەو یاریزانە پێویستی بەکات نەبوو بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هاوڕێکانی، هەر زوو خۆی سەلماند و شوێنی خۆی کردەوە.

هەروەها فردیناند دەربارەی ئەم یاریزانە گوتی: ئەو مەکسیکیە ئارەزووی ئەوەی هەیە هەردەم لە لوتکە دابێت، من دڵنیام لە ماوەی چەند ساڵی داهاتوو دەچێتە مێژووی یانەی مان یونایتدەوە و دەبێتە یەکێك لە باشترین یاریزانەکان لەم یانەیە.

شایانی باسە یاریزان چیچاریتۆ بە باشترین یاریزانی یانەی مان یونایتد لە لایەن هاندەرانەوە دەست نیشانکرا، دوای ئەوەی ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە بەدەست هێنانی نازناوی خولی یانە نایابەکانی ئینگلتەرا بۆ جاری ١٩ هەمین لە مێژووی یانەی مانچستەر یونایتددا.

## گواردیۆلا: من هۆکاری سەرکەوتنەکانی بەرشلۆنە نیم



جۆسیب گواردیۆلا ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنە دووپاتیکردەوە سەرکەوتنەکانی یانەی بەرشلۆنە بۆ خودی یاریزانەکان دەگەڕێتەوە نەك بۆ تواناکانی خودی ڕاهێنەر، گواردیۆلا لە ماوەی سێ ساڵی کارکردنی لە گەڵ یانەی بەرشلۆنە سێ جار نازناوی خولی ئیسپانیا و دوو جار نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و دوو جار نازناوی جامی سوپەری ئیسپانیا و جارێکیش نازناوی مۆندیالی یانەکان و جامی سوپەری ئەوروپای بەدەست هێناوە، لەگەڵ ئەو هەموو دەسکەوتانە گواردیۆلا پێیوایە ئەو دەستکەوتانەی بەدەستهاتوون توانای هەموو یاریزانەکانە.

گواردیۆلا لە لیدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی سپۆرت گوتی: ئەو تیپە توانای ئەوەی هەبوو کە ئەم نازناوانە لەگەڵ هەر ڕاهێنەرێکی دیکە بەدەست بهێنێت، بەڵام من نەمدەتوانی ئەم نازناوانە بەبێ ئەو یاریزانانە لێهاتووانە بەدەست بێنم.

هەروەها گواردیۆلا گوتی: من لە تۆپی پێ کارێکی زیاتر ناکەم بە بەراورد لە گەڵ ڕاهێنەری هەر یانەیەکی پلە یەك یان پلە دوو، بۆیە خۆم بە باشتر لە ڕاهێنەرێکی دیکە نابینم بەڵام من خۆم ماندوو دەکەم و ڕاستگۆیانە لەگەڵ یاریزانەکانم مامەڵە دەکەم و دەمەوێ بۆچوونی خۆم بۆ یاریزانەکان بگوازمەوە.

**ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال**

# ئەحمەد سالار بەرەو پێشمەرگەی هەولێر

یاریزانی بە توانا و گۆڵکاری شاری سلێمانی ئەحمەد سالار نەیتوانی لەگەڵ یانەی نەورۆز بەردەوام بێت، بۆیە بۆ وەرزی داهاتوو لە خولی نایابی کوردستان پەیوەندی بە یانەی پێشمەرگەی هەولێرەوە کرد و یانەی ناوبراویش گرێبەستیان لەگەڵ واژوو کرد.لەمبارەیەوە ئەحمەد سالار گوتی: هەرچەندە من کوڕی شاری سلێمانیم و چەندین یادگاری خۆشم هەیە لەگەڵ یانەی سلێمانی، ئەمساڵیش یارییم بۆ یانەی نەورۆز کرد، بەڵام بەهۆی چەند کێشەیەك نەمتوانی لەگەڵ یانەکە بەردەوام بم و تەنیا یاریم بۆ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دەکرد لە خولی بژاردەی عێراق.

لە درێژەی قسەکانیدا ئەحمەد سالار گوتی: سەرەتای ئەمساڵ بەنیاز بووم لەگەڵ یانەی سلێمانی گرێبەست مۆربکەین بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە یانەی دایك، بەڵام دوای قسەکردنم لەگەڵ خەسرۆ گورونی ڕاهێنەر، نەمانتوانی بگەینە ڕێککەوتن و یانەی پێشمەرگەی هەولێر زۆر هەوڵێدا گرێبەستێکم لەگەڵ مۆربکەن بۆ وەرزی داهاتوو خولی نایابی کوردستان، منیش بە خۆشحاڵییەوە داواکەی ئەوانم قبوڵ کرد. لە وەرزی داهاتوو درێسی یانەی پێشمەرگەی هەولێر دەپۆشم و بەهیوای ئەوەم بتوانین ئەنجامێکی بەرچاو بەدەست بهێنین لەگەڵ یانەی پێشمەرگە.

لە کۆتایی قسەکانیدا ئەحمەد سالار گوتی: گرێبەستەکەم ١٤ملیۆن دینارە لەگەڵ موچەی مانگانە ٦٠٠ هەزار دینارە.



شایەنی باسە ئەحمەد سالار پێشتر لە ریزی یانەکانی سلێمانی وپێرس وپێشمەرگەی سلێمانی و نەورۆز یارییکردووە.

لە لایەکی ترەوە یانەی پێشمەرگەی هەولێر گرێبەستی لەگەڵ هەریەکە لە یاریزانان کارساز محەمەد و هەڵمەت عادل یاریزانانی یانەی سیروانی نوێ مۆر کردووە بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوو لە ریزی ئەم یانەیە یاری بکەن.



# خولی ناوبژیوانانی یاری باسکە لە هەولێر تەواو بوو

بەسەرپەرشتی لقی هەولێری یەکێتی باسکەی کوردستان، لە هۆڵی چالاکی وەرزشی و دیدەوانی پەروەردەی هەولێر، بەمەبەستی خزمەتکردنی ناوبژیوانانی شاری هەولێر، بڕیاردرا خولێکی ناوبژیوانی یاری باسکە بۆ زیاتر لە ٤٠ ناوبژیوانی یاری باسکە ئەنجام بدرێت و وانەکانی خولەکەش ڕۆژانە لە لایەن ناوبژیوانانی نێودەوڵەتی (شۆرشڤان نامیق وئازاد عەبدوڕەحمان) دەگوترایەوە، بەهەردوو شێوازی پراکتیکی و تیۆری، ماوەی خولەکەش سێ ڕۆژی خایاند، لەمبارەیەوە رزگار مەجید ئەندامی لقی هەولێری یەکێتی باسکە گوتی: ئێمە مەبەستمان زیاتر پشتگیری کردنی ناوبژیوانە لاوەکانە، بۆیە ئەو خولە بۆ ٤٠ قوتابی پەیمانگای پەروەردەی وەرزشی ئەنجام دا، لە کۆتایشدا بڕوانامەی ناوبژیوانی پلە ٣یان پێ بەخشرا.

# مانگی داهاتوو پاڵەوانێتی چوار گۆشەی زێڕینی عێراق بۆ پایسکلسواری لە هەولێر بەڕێوە دەچێت

دوای ئەوەی قۆناغی یەکەم و دووەمی پاڵەوانێتی عێراق بۆ پایسکلسواری لە هەردوو شاری دهۆك و نەجەف بەڕێوە چوو، لەم پاڵەوانێتیە لەسەر ئاستی کوڕان و کچان بۆ پێشکەوتووان و لاوان و تازەپێگەیشتووان بەڕێوەچوو، کە تیاییدا لەم دوو قۆناغەدا چوار یانە لە ئاستەکان سەرکەوتن بۆ قۆناغی چوار گۆشەی زێڕین، لەمباریەوە مەحمود عەزیز سەرۆکی یەکێتی پایسکلسواری لقی هەولێر گوتی: یەکێتی پایسکلسواری عێراق بە فەرمی بڕیاریدا پاڵەوانێتی چوار گۆشەی زێڕینی عێراق بۆ پایسکلسواری لە ٢٢ی مانگی داهاتوو لە شاری هەولێر بەڕێوە بچێت و ماوەی پێنج ڕۆژ دەخاینێت.

لە درێژەی قسەکانیدا مەحمود عەزیز گوتی: لەم پاڵەوانێتییە لەسەر ئاستی پێشکەوتووان هەریەکە لە یانەکانی (هەولێر، سەناعە، دەغارە، کارەبا) بەشداری دەکەن و لەسەر ئاستی لاوان هەریەکە لە یانەکانی (هەولێر، سۆلاف، برایەتی، سەناعە) بەشداری دەکەن و لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان هەریەکە لە یانەکانی (هەولێر، برایەتی، سۆلاف، نەورۆز) بەشداری دەکەن و لەسەر ئاستی کچان هەریەکە لە یانەکانی (برایەتی، نەورۆز، فەتات بەغداد، عفك) بەشداری دەکەن.

جێگەی باسە یانەی هەولێر لەسەر ئاستی کوڕان بۆ پێشکەوتووان پلەی یەکەمی پاڵەوانێتییەکەی بە دەستهێنا.



# ئۆزیل بۆندێکی یانە مانچستەر یونایتدی ڕەتکردەوە




یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا مەسعود ئۆزیل ئەستێرەی هێڵی ناوەراستی یانەی ریال مەدرید بۆندێکی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی ڕەتکردەوە، ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ئەوەی ئاشکرا کرد و دووپاتیکردەوە کە ئۆزیل ئەوەی ڕەتکردەوە گفتوگۆ لە گەڵ یانەی مان یونایتد بکات، ڕۆژنامەکە دووپاتیکردەوە سێر ئەلێکس فێرگسۆن نامەیەکی بۆ ڕێزا فازیل بریکاری یاریزان ئۆزیل ناردووە و تیایدا سەرسامی خۆی بە ئاستی ئۆزیل دەربڕیوە و ئارەزووی خۆی نیشانداوە بۆندێك لە گەڵ یاریزانی ناوبراو مۆر بکات، بەڵام وەڵامی بریکاری یاریزان ئۆزیل نەگەتیڤانە بوو کە لە نامەیەکدا بۆ فێرگسۆن دەنووسێت، سوپاست دەکەین، بەڵام ئۆزیل لە مەدرید خۆشحاڵە و لە شوێنی خۆی ناجولێت.

لە لایەکی دیکەوە یانەی ریال مەدرید دوای ئەو ئاستە بەرزەی کە ئۆزیل لە وەرزی رابردوو پێشکەشی کرد دەوێت یاریزانی ناوبراو پاداشت بکات و درێسی ژمارە ١٠ی پێبدات، شایانی باسە یاریزان مەسعود ئۆزیل کە بەرەسەن یاریزانێکی کوردە لە وەرزی رابردوو لە یانەی ڤێردەر بریمەنی ئەڵمانی هاتە ریزی یانەی ریال مەدرید بە بڕی ١٥ ملیۆن یۆرۆ.

# بەفەرمی پاڵەوانێتی تایکواندۆی ڕۆژئاوای ئاسیا لە هەولێر ئەنجام دەدرێت

دوای ئەوەی یەکێتی ڕۆژئاوای ئاسیا بە مەبەستی سەردانی کردنی ژێرخانی وەرزشی لە شاری هەولێر و هەروەها بەسەرکردنەوەی هۆتێل و فرۆکەخانە و چەندین شوێنی دیکە، شاندێکی بۆ شاری هەولێر نارد بۆ ئەوەی راپۆرتێکی تێروتەسەل لەسەر شاری هەولێر ئامادە بکات دەربارەی داواکردنی یەکێتی تایکواندۆی عێراق بۆ میوانداریکردنی پاڵەوانێتی ڕۆژئاوای ئاسیا لەسەر ئاستی لاوان، دوای گەڕانەوەی شاندەکە بۆ وڵاتی ئێران و پێشکەشکردنی راپۆرتەکە یەکێتی ڕۆژئاوای ئاسیا لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا بەفەرمی میوانداریکردنی شاری هەولێر بۆ پاڵەوانێتی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ تایکواندۆ لەسەر ئاستی لاوان پەسند کرد، لەمبارەیەوە لە لێدوانێکی تایبەتدا حوسێن عەبدولرەحمان جێگری سەرۆکی یەکێتی تایکواندۆی عێراق گوتی: یەکێتی تایکواندۆی ڕۆژئاوای ئاسیا بەفەرمی میوانداریکردنی شاری هەولێر بۆ پاڵەوانێتی ڕۆژئاوای ئاسیا لەسەر ئاستی لاوان بۆ تایکواندۆ بۆ کوڕان و کچان پەسند کرد ئەمەش دەستکەوتێکی ترە بۆ وەرزشی کوردستان بە تایبەتی بۆ شاری هەولێر.

لە درێژەی قسەکانیدا حوسێن عەبدورەحمان گوتی: ئێمە وەکو یەکێتی تایکواندۆی عێراق بڕیارمان داوە لە بەرواری ١-٩ تا ١٠-٩ لەم ماوەیە پاڵەوانێتیەکە لەسەنتەری بلو بەرێوە بچێت و، پارێزگای هەولێر نەوزاد هادی بە سوپاسەوە پەیمانیدا پشتگیریمان بکات بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە میوانداری ئەم پاڵەوانێتییە بکەین.

لە کۆتایی قسەکانیدا حوسێن عەبدورەحمان گوتی: یەکێتی ڕۆژئاوای ئاسیا لە ١٢ وڵات پێکهاتووە، بەڵام بەهۆی چەند کێشەیەك هەردوو وڵاتی سوریا و کوێت ناتوانن بەشداری ئەم پاڵەوانێتییە بکەن، بۆیە ئێمە داوتنامەمان ئارستەی ١٠ وڵات کردووە بۆ ئەوەی بەشداری لەم پاڵەوانێتییە بکەن و تا ئێستا وڵاتەکان وەڵامی بەشداریکردنیان بە ئێمە نەداوە.